به بۆنەی سییەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# گۆڤاری ڕامان؛ نموونەی بەردەوامی و درێژەدان بە جوانی

**بەختیار حەمەسوور**
**(سلێمانی)**

یادەوەریم لەگەڵ گۆڤاری ڕامان بۆ ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا، بە دروستی بۆ سەرەتای دوو هەزارەکان دەگەڕێتەوە، ئەم گۆڤارە هەر لەو سەروەختەوە منی شەیدای خۆی کرد، بە تاسەوە ئەم مانگ بۆ ئەو مانگ چاوەڕێی دەرچوونیم دەکرد، ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم، هەموو (٥)ی مانگێک سەرلەبەیانییەکەی، لە ڕێی لینکی نوێترین ژمارەی ئەم گۆڤارە سەنگینەوە، ڕۆژەکەم دەست پێ دەکات.

بۆ من هەر ژمارەیەکی گۆڤاری ڕامان، گەشتێکی کولتوورییە، کە لە دنیای ئەدەبیاتەوە دەست پێ دەکات و بۆ ژانرەکانی لێکۆڵینەوە و هونەر و ئەرشیف و زۆر بابەتی دیکەی وردەفەرهەنگیی شۆڕ دەبێتەوە. نایشارمەوە، هیچ ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە نییە، زۆرینەی بابەتەکانی دڵخوازی من نەبن و نەیانخوێنمەوە. بەشێکی بەرچاو لەو نووسین و گفتوگۆ و وتارانەی لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوبوونەتەوە، دواتر بە شێوەیەکی دی، هەندێ جار وەک سەرچاوە و هەندێ جاری تریش وەک بەرچاوڕوونی، بۆیان گەڕاومەتەوە و سوودم لێ بینیون.

یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی هەر گۆڤارێک، بڵاوکراوەیەک، ئەوەیە لەو کەسانە دڵنیابیت کە لە پشت ئەو بڵاوکراوەیەوە وەستاون و کاروبارەکانی هەڵدەسووڕێنن، ئەمە هەستی متمانەبوونێک بە خوێنەر دەبەخشێت، کە هیچ بابەتێک بەبێ فلتەری خوێندنەوەی تێنەپەڕێ، یان شایستەی بڵاوکردنەوە نەبێت و بڵاو بکرێتەوە، خودی سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان، مامۆستا ئازاد عەبدولواحید، لەو مرۆڤە دەگمەنانەی کایەی ڕۆشنبیری ئێمەیە کە هەموو مەرجەکانی کەسێتییەکی ڕۆشنبیر و خاوەن دنیابینی تایبەت بە نووسین و بیرکردنەوەی تێدایە، هەر ئەوە وای کردووە کە شوێندەستی ئەم مامۆستا ئازیزە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا ببینرێت، خەمخۆری ئەو بۆ زمان و نووسینی کوردی، بە وردی و زۆریش ئاشکرا بەو بابەتانەوە دیارە، کە لە بوارە جیاوازەکاندا لە گۆڤاری (ڕامان)دا چاپ دەبن.

جێگەی دڵخۆشییە گۆڤارێک بەو متمانە و دڵنیاییەوە ژمارە لە دوای ژمارە، بەردەوامی هەیە و لە ماوەی (٣٠) ساڵدا هاوسەنگی و قورسایی خۆی ڕاگرتووە و پاراستووە، هەر لێرەدا ناکرێ ڕۆڵی کاک سەرکەوت وەلی هاوکار و یاریدەدەری مامۆستا ئازاد عەبدولواحید، لەگەڵ دیزاینەری بەرگ و ستافی دیکەی ئەم گۆڤارە، نادیدە بگیرێن و سپاس نەکرێن.

گۆڤاری ڕامان شوێنی نووسەرانی جیددی و پڕ کاری کوردە، هاوکات هەر لەم گۆڤارەدا دەتوانین نوێترین بەرهەمی وەرگێڕە بە سەلیقە و ناسراوەکان بدۆزینەوە، جێی دڵخۆشییە کە بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەیەکی نوێ، سەرلەنوێ دەرفەت بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانە دەڕەخسێنێ، کە یەکەمین جارە ڕووناکی چاپ دەبینن

و بەژێر نیگای خوێندنەوەماندا تێدەپەڕن.

ئەمڕۆ پاشەکشەیەکی زۆر لە ئاستی بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا دەبینرێت، بە جۆرێک نووسەران و وەرگێڕەکان تووشی نائومێدی دەبن و دادەمێنن کە دەقە نووسراو و وەرگێڕاوەکانیان لە کوێدا بڵاو بکەنەوە، شوێنێک شایستەی ماندووبوون و ڕەنجی ئەو کەسانە و بەرهەمەکانیان بێت، لەو ڕووەوە، گۆڤاری ڕامان، بەهۆی بەلاوەنانی سنوورە بەرتەسکەکانی شار و ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر، هەمیشە دەرگای بۆ بڵاوکردنەوەی هەر نووسینێک واڵایە کە مەرج و پێوەرەکانی لەگەڵ ستراتیژ و ئاراستەی گۆڤارەکە و زمان و ئەدەبی کوردیدا بێتەوە. بەردەوامی ئەم گۆڤارە لە وەها سەردەمێکی قەیراناوی چاپ و بڵاوکردنەوەدا، جێی ستایش و پێزانینە، ئەگەرچی وەک ئەزموونی خۆم، کەمترین دەقم لەم گۆڤارە سەنگینەدا بڵاو بووەتەوە و زیاتر لەوە خوێنەری بووم، بەڵام بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (ڕامان)دا، هەمیشە لە گۆشەیەکی زەین و یادەوەریمدایە و بە هیوام بتوانم لە داهاتوودا کاراتر کارەکانم لەم گۆڤارەدا بڵاو بکەمەوە.

وەک پێشنیار؛ خاڵێک کە بۆ ئەم گۆڤارە بە پێویستی دەزانم، بوونی بیبلیۆگرافیایەکی فراوانە بۆ سەرجەم ژمارەکانی (٣٠) ساڵی ڕابوردووی ئەم بیبلیۆگرافیایە کە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ خوێنەران و توێژەران دەکات بۆ ئەوەی بابەت و نووسین و بەرهەمی ئەو نووسەرانەی مەبەستیانە، خێرا بیاندۆزنەوە، لێرەدا جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بۆ (٤٨) ژمارەی سەرەتای گۆڤاری ڕامان بیبلیۆگرافیا کراوە و چاپیش بووە، بەڵام لە ئێستادا کە ژمارەکانی ڕامان گەیشتووەتە (٣٤٥) ژمارە، زۆر گرنگە بیبلیۆگرافیایەکی گشتگیر سەرپێ بخرێ و لەبەردەستدا بێت(*).

خاڵێکی تر، هەر لە دەستپێکی گۆڤاری (ڕامان)ەوە زۆر ژانر ئامادەییان هەبووە و هەیە، گرنگە ئاوڕ لەم ژانرانە بدرێتەوە و بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ چاپ بکرێن، یەکێک لەوانە (ئەدەبی نامە)یە، کە ئەم گۆڤارە گرنگییەکی بەرچاوی بەم ژانرە داوە و زۆریش لە جێی خۆیدا بووە، لێرەدا نامەوێ باسی بایەخی ئەم ژانرە بکەم، بەڵام چاپکردنی کۆی ئەو نامانە، ڕەنگە بتوانرێت لە کتێبێکی گەورەدا کۆ بکرێنەوە، ئەم کتێبە کۆکراوەیەی نامەکان، دەتوانێت بۆ نووسەران و لێکۆڵەران و توێژەران، زۆر سوودبەخش، بۆ خوێنەرانیش چێژبەخش بێت.

بێگومان چاپبوونی چەند بەرگ لەو گفتوگۆیانەی خودی سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان سازی داون و سەرەتا لە گۆڤارەکەدا بە چەند بەش و دواتر بە کتێبی سەربەخۆ چاپ کراون، بە گشتی لە خاڵە هەرە گەش و درەوشاوەکانی ناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردین، بۆ بواری ڕۆژنامەگەریش زۆر گرنگە، دەکرێت لەسەر هەمان نەریت، زنجیرەی کتێبەکانی گۆڤاری ڕامان، بە گەڕانەوە بۆ خودی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە، زیاتر پەرەی پێ بدرێ، بەوەش مەبەست و گوتاری ڕامان کۆکراوەتر و پوختەتر و ئاسانتر دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی(*).

لە کۆتاییدا سپاس بۆ ماندووبوونی یەک بە یەکی ستافە ماندوویی نەناسەکەی گۆڤاری ڕامان، بەردەوامیتان جێگەی دڵخۆشی و زیندووڕاگرتنی زمان و ئەدەبی کوردییە، بێ هیچ دوودڵییەک شوێنی شایستە و شیاوتان لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چەسپیو و دیارە.

**(*) بە بۆنەی دەرچوونی (٢٠٠) ژمارەی گۆڤاری ڕامان، بیبلیۆگرافیایەک بە ناوی نووسەران، ناونیشانی نووسینەکان، جۆری بابەتەکانیان بە (CD) لەلامان هەیە، داومانەتە ئەوانەی پێویستیان پێ بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە (٣ تا ٤) هەزار لاپەڕە دەرچووە، چاپکردنی پارەیەکی زۆری دەوێ، لە کاتێکدا بیبلیۆگرافیا تەنیا بە کەڵکی ئەوانە دێ کە لە کاتی پێویستیدا ئیشیان پێیەتی، ئەگەر بودجەی پێویست هەبێ، هەموو ژمارەکانی ڕامان لە داهاتوودا دەکەینە دیجیتاڵ.**

**(**) ڕاستییەکەی ئەوەی برامان بەختیار حەمەسوور داوای دەکا زۆر لە جێی خۆیەتی، بەڵام دەبێ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە، یان پاڵپشتییەکی گەورەی لە پشت بێ، ئێستا نزیکەی (٢٠) کتێبمان ئامادەیە، هەر کەسێ بێتە پێشەوە بۆ چاپکردنیان، هاوکاری دەکەین.**

**(ڕامان)**